

# شێوازەکانی ڕێگرتن لە دارمانی خۆڵ بۆ ناو بناغەی هەڵکەندراو

ئامادەکردنی
ئەندازیاری شارستانی _ئاودێری

**هاوڕێ انور عبدالکریم**

ژمارەی پێناس ٤٨١٣

لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا، پێداویستیەکانی هاولاتیانیش ڕوو لە زیاد بوون دەبێت بەتایبەت لە ڕووی شوێنی نیشتەجێ بوون و بازرگانی کردن و جێگاکانی کات بەسەر بردن و ڕێگاوبانی هاوچەرخ لە پردوتونێل و لە بوارەکانی تریشدا، بۆ دابینکردنی ئەم پێداویستیانەش پێویستە بیر لە بنیادنانی شار و شارۆچکەی تازە یان گەورەکردن و تازەکردنەوەو فراوانکردنیان بکرێتەوە.

وەبۆ دەستەبەرکردنی ئەو پێداویستیانە دەبێت بیر لە بنیادنانی باڵەخانەی فرەنهۆمی و نەخۆشخانەی نوێ و ئەندەرپاس وپرد چەندین شتی تری لەو بابەتانە بکرێتەوە کە هەموو ئەمانەش پێویستیان بە هەڵکەندنی بناغە هەیە بە بەرزی و قوڵی جیاجیا، وەلەئەنجامی ئەم هەڵکەندنانەدا دیوارێک بەدەوری ئەو ڕووبەرەی کە هەڵدەکەنرێت یان هەڵکەنراوە دروست دەبێت کە پێویستی بە ڕاگرتن هەیە بۆ بەرگرتن لەداڕمان و ڕوخان بۆ ناو چاڵەکە کە شوێنیکارکردن دەبێت وە ناتوانرێت دیوارێکی ڕاگری ئاسایی دروست بکرێت چونکە جێگای بناغەکەی ناتوانرێت هەڵبکەندرێت بۆ ژێر خۆڵەکە لەبەر بوونی باڵەخانەی تر لەدەوری پرۆژە تازەکە.


وەئەگەری ڕوخان و داڕمانی ئەو دیوارە خۆڵە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە پتەوی خاکێکەوە بۆخاکێکی تر دەگۆڕێت، چونکە هەریەک لەو دیوارە خۆڵانەی لەئەنجامی هەڵکەندنی بناغەوە دروست دەبێت دەکەوێتە ژێر کاریگەری دوو هێزی دژە ئاراستەوە کە یەکێکیان هێزی کێشی خۆڵەکە و کێشی هەموو ئەو تەن و ماڵ و باڵەخانانەی بەدەوری بناغەی هەڵکەندراودا بوونیان هەیە و هەوڵی داڕمانی خۆڵەکە دەدەن و هێزەکەی تر کە هێزی بەرگریکردنە لە جولەی دیوارە خۆڵەکە و هەرەس پێهێنان و داڕمانی کە ئەویش بریتیەلە هێزی بەیەکالکانی گەردەکانی خۆڵەکە و پابەندە بە پتەوی جۆری خاکەکە.

بۆ ئەوەی ڕێبگیرێت لە داڕمانی دیوارە خۆڵەکە دەبێت یان هیزی جوڵێنەر و ڕوخێنەری دیوارە خۆڵەکە کەم بکرێتەوە وە یان دەبێت هێزی بەرگریکردنەکە زیاد بکەین، جا لە زۆربەی ئەو جێگایانەی باڵەخانە نوێیەکان دروست دەکرێن باڵخانەی تر یان ماڵ یان ڕێگا هەیە بۆیە وا باشترە کە هێزی بەرگری زیاد بکەین دژی داڕمانی خۆڵەکە کە ئەویش بەچەندشێوازێک دەبێت کە دواتر باسیان دەکەین.

شێوازەکانی ڕێگرتن لە دارمانی خۆڵ بۆ ناو بناغەی هەڵکەندراو..

## ١- شێوازی لەنگەر گرتن یان چەسپاندن( Anchorage )

لەم شێوازەدا پاش دیاریکردنی رووبەری باڵەخانەکە و دیاریکردنی شوێنی بناغەکە، بناغەکە بە قوڵیەکی دیاریکراو هەڵدەکەنرێت بۆ نمونە تەنها ٢م چونکە ئەگەر هەموو بناغەکە هەڵبکەنرێت ئەوا بەشی سەرووی دیوارەخۆڵەکە بەهۆی کێشەکەیەوە بە گۆشەیەکی نارێک هەرەس دەهێنێت بۆیە دەبێت بەرە بەرە هەلکەندنەکە ئەنجام بدەین تا بەتەواوەتی کۆنترۆڵی پرۆسەی بەرگرتنەکە بکرێت، پاشان دەست دەکرێت بە هەڵکەندنی چالی قوڵ لە شێوەی بیردالەسەر چێوەی ڕووبەرەکە کە قوڵیەکەی دەبێت سێ یەکی بەرزی بناغەکە لە بنی بناغەکەوە تێپەڕێنێ پاش ئەوەشیش دەخرێتە ناوچاڵەکانەوە ئنجا ئاسن لە جۆری شێلمان لە دوای شیشەکە بەشێوەی ستوونی دەخرێتە ناو چاڵەکەوەپاشان کۆنکریت دەکرێت، ئنجا لە ئاستی سەری شێلمانەکەوە کونی بچوک بە تیرەی ٥ – ١٠ سم بەشێوەیەکی لار کە گۆشەکەی لەنێوان ١٠ بۆ ٢٠ پلەدابێت دەکرێتە دیوارەکەوە پاشان یەک شیش دەخرێتە ناو کونەکەوە بە شێوەیەک کە سەری شیشەکە دانەپۆشرێت پاشان کۆنکریت دەکرێتە ناو کونەکانەوە بەلاّم دەبێت ڕێژەی ئاو بۆ ڕێژەی چیمەنتۆ لە ناو کۆنکریتەکەدا ئەوەندەو نیو بێت تا بەرە بەرە کونەکە پڕ دەکەین لە کۆنکریت بۆئەوەی کۆنکریت بچێتە هەموو بۆشایی و نێوان گەردەکانی خۆڵەکەوە ئنجا وردە وردە ڕێژە ئاوی کۆنکریتەکە کەم دەکەینەوە بۆ نیو ئەوەندەی ڕێژەی چیمەنتۆکە.



ئنجا بە بەرزی ئەو ٢ م بناغەکەمان هەڵکەندووە بەربەست دەخەینە بەر خۆڵەکە وپشت شێلمانە ستوونەکان، وەدەکرێت یەکێک لەم سێ بەربەستە بەکاربهێنرێت.


ا- کۆنکریتی ئامادەکراو.

ب- تەختە.

ج- شەبەکەی BRC وە پرژاندنی کۆنکریت بە پەستانێکی زۆر.

پاشان پشتێنێکی ئاسۆیی بە ئاسن لەسەر بەربەستەکە دەبەسترێت بە سەری شیشەکانەوە کە لە ناو دیوارەکەدا کۆنکریت کرابوون.

ئنجا دەست دەکرێت بەتەواوکردنی هەلکەندنی هەموو بناغەکە بەدووبارەبوونەوەی ئەو پرۆسەیەی لەسەرەوە باسکرا،جا دووبارەبوونەوەی ئەم پرۆسەیەی سەرەوە پابەندە بە ڕێنمایی دیزاینکار کە پشکنینی بۆ جۆری خاکەکە کردووە وەهەروەها بەرزی بناغەکەش کاردەکاتە سەر دووبارەبوونەوەکە..




شێوازی چەقاندنی شیشەکان لە دیوارە خۆڵەکەدا



نموونەی چاڵێکی هەڵکەندراوی ئامادەکراو بۆ شیش و شێلمان
پاشان کۆنکریت کردن



شێلمانەکان لەناو چاڵەکاندا



دانانی شیش لەناو دیوارە خۆڵەکەدا کە دواتر بنەکەی کۆنکریت دەکرێت



تەواوبوونی دانانی شێلمان وبەستنەوەی پشتێنەی ئاسن و ئامادەکردنی
بۆ دانانی بەربەستەکان



بەربەستی دار یان تەختە



بەربەستی پرژاندنی کۆنکریت بە پەستانی زۆر

## ٢- شێوازی ڕاگرتنی بەرامبەر ( Reciprocal Support )

ئەم شێوازەی خۆڵ ڕاگرتن هەر هەمان شێوازی یەکەمە بەڵام لەجیاتی ئەوەی شیش بچەقێنرێتە دیوارەکە بە لاری، ئاسنی شێلمان یان تەختەوداری بە هێز وە یان جەگ(کە هەڵبژاردنی ئەم ماددانە بە پێی پانی و قوڵی بناغەکە دەبێت و لەژێر ڕینمایی دیزاینەردا دەبێت) بەشێوەی ئاسۆیی دادەنرێت کە هەرسەرێکی لە لایەکی چاڵەهەڵکەندراوەکە دەبێت بە شێوەیەک پاڵ بنێت بە بەشی سەرووی شێلمان ستوونیەکانەوەوەک لە وێنەکاندا ڕووندەبێتەوە.



لەم وێنەیەدا ئاسنی بەهێز بۆ ڕاگرتنی هێزەکان بەکارهاتووە

بە گشتی ئەم شێوازی ڕاگرتنە بۆ بناغەی زۆر قووڵ یان زۆر پان نابێت وە دەبێت جەگەکان بە شێوەیەکی ئاسۆیی تەواو بێت تا هێزەکان کاریگەری خۆیان لەدەست نەدەن بەشێوەیەکی درووست بگوازرێنەوە.



لەم وێنەیەدا پایەی ئاسن بەکارهاتووە



شێلمانی ئاسن بۆ گواستنەوەی هێزی بەرامبەر

## ٣- شێوازی کوتاندنی قەڵغان( Sheet Piles )

لەم شێوازەدا پاش دیاریکردنی ئەو شوێنەی هەڵدەکەنرێت بۆ بناغەی باڵەخانەکە، لە شوێنی دیاریکردنەکەدا پلێتی ئاسنی تایبەت کە وەک قەڵغانێک ڕێگری دەکات لە هێزی جوڵێنەرو ڕوخێنەری دیوارە خۆڵەکە دادەکوترێتە خاکەکە بە جۆرێک هەر پلێتێک پاڵ بەوەی ژێر خۆیەوەدەنێت و دەبێت یەک لەسەر سێی بەرزی بناغەکە لە بنی بناغەکەوە تێپەڕێنێت، وە ئەگەر قووڵی بناغەکە زۆر بوو ئەوا دەبێت ئەستووری پلێتەکان زۆرتر بێت و جۆرەکەشی باش بێت.

ئەم شێوازە یەکێکە لە شێوازە باوەکانی ڕاگرتن لە دونیادا ئەویش بەهۆی خێرایی لە ڕپەڕاندنی کارەکاندا و کەم جێگرتنی ڕووبەری کارکردن وە هەندێک جار لەگەڵ شێوازی ڕاگرتنی بەرامبەردا بە تێکەڵی بەکاردەهێنرێن بۆ بەهێزکردنی کارەکە.



بەکارهێنانی Sheet piles بۆ ڕێگرتن لە دارمانی خۆڵی ئەم لاو لای بناغەکە



داکوتاندنی Sheet piles



تێکەلکردنی لەگەڵ شێوازی ڕاگرتنی بەرامبەر




بەکارهێنانی Sheet piles بۆ ڕێگرتن لە داڕمانی خۆڵی ئەم لاو لای بناغەکە

## ٤- شێوازی بزمار کوتاندن ( Nailing )

وەک لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێت ئەم شێوازە وەک ئەوە وایە بزمار داکوتیت بە تەختەیەکدابۆ بەستنەوەی بە تەختەیەکی ترەوە، لەم شێوازەی ڕاگرتنەدا پاش دیاریکردنی شوێنی هەڵکەندنەکە نزیکەی ٢م هەڵدەکەنرێت ئنجا بەشێوەیەکی نارێک کونی بچووک بچووک بە تیرەی ٥ بۆ ١٠ سم دەکرێتە دیوارە خۆڵەکە کە قووڵی هەر یەک لەم کونانە بەندە بە بەهێزی خاکەکەوە و لەژێر ڕێنمایی و چاودێری دیزاینەر و سەرپەرشتیاراندا دەبێت وە ئەم کونانە دەکرێت بە شێوەی ئاسۆیی یان لار بکرێتە ناو دیوارەکە پاشان یەک شیش دەکرێتە ناو هەر کونێکەوە بەجۆرێک دەبێت سەری شیشەکە بەدەرەوە بێت و دانەپۆشرێت ئنجا لە ڕێی سۆندەی باریکەوە کۆنکریت دەکرێتە ناو کوناکانەوە وردە وردە سۆندەکە دەهێنرێتە دەرەوە هەتا کونەکان پڕ دەبێت لە کۆنکریت پاشان شەبەکەی BRC هەڵدەواسرێت بە ڕووی دیوارە خۆڵەکەدا بەڵام پێویستە پێش کۆنکریت کردنی دیوارەکە دەبێت بۆری ئاوکێش Drain Pipe لە پشتی شەبەکە BRC یەکەوە دابنرێت ئەگەر بڕی ئاوی کۆبووەوە زۆر بێت دەبێت ژمارەی بۆریەکان زیاد بێت ئنجا دیوارەکە بە پەستانێکی زۆر کۆنکریت دەکرێت.



کونکردنە ناو دیوارەکە بە ئامێری تایبەت



شێوازی کونکردن و دانانی شیش



هەڵواسینی شەبەکەی شیش و دەرکەوتنی شیشی چەقیووی ناو دیوارەکە





پرژاندنی کۆنکریت بە پەستانێکی بەرز و بە ئامێری تایبەت



بەستنەوەی سەری شیشەکە بە سەموونەو واشەرەوە
بە دیوارە کۆنکریتەکەوە

ئیتر بەم شێوەیە بەردەوامی دەبێت هەتا هەموو بناغەکە هەڵدەکەنرێت هەمان پرۆسە دووبارەدەبێتەوە، ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە کەدەبێت بۆری ئاوکێش لە بیر نەکرێت بگرە دەبێت ژمارەی زیاد بکرێت بۆئەوەی زۆرترین بڕی ئاو بکاتە دەرەوە لە پشت دیوارەکەوەئەگەر نا ئەوە دەبێتە هۆی ڕوخان و فەشەل هێنانی دیوارە ڕاگرەکە.



دارمان بە هۆی نەبوونی بۆری ئاو کێشەوە



داڕمان بە هۆی نەبوونی بۆری ئاو کێشەوە



تەواوکردنی دیوارەکە بە شێوازی بزمار کوتاندن

## ٥- شێوازی ڕاگرتن بە پایەی ناو زەوی ( Piles )

لەم شێوازەدا ئەو شوێنەی کە پێویستە هەڵبکەندرێت دیاری دەکرێت بەڵام هیچ هەڵکەندنێک ئەنجام نادرێت بۆ بناغەی پرۆژەکە، لەسەر چێوەی ڕووبەرەکە بەدەوری هەموو بناغەکەدا چاڵی Pile کان هەڵدەکەندرێت بەجۆرێک قووڵییەکەی سێ یەکی هەموو قووڵی بناغەکە لە بنی بناغەکەوە تێپەڕێنێت، دوورو نزیکی چەقی Pile کان بەپێی ڕێنمایی دیزاینەر دەبێت بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەبێت یان زۆر نزیک بن لەیەکەوە یان دەبێت چێوەکانیان لێکەوت بن لەگەڵ یەکداتا هەموو کێشی دیوارەخۆڵەکەیان بکەوێتە سەر و بەیەکسانی دابەش بێت بەسەریاندا.

پاشان شیشی Pile کان دەبەسترێت و بە کرێن بەرز دەکرێتەوەو دەخرێتە ناو چاڵەکانەوە ئنجا وردە وردە کۆنکریت دەکرێت تا چاڵەکان پڕ دەبن، پاش تەواو بوونی کۆنکریتەکە بەشی سەرەوەی Pile کان هەڵدەکەنرێت Reinforcement Concrete Beam واتە بە جسری کۆنکریتی بە شێوەی ئاسۆیی بەیەکەوە دەبەسترێنەوە تا هەموویان وەک یەک تەنی بەهێز بەرگری لە داڕمانی خۆڵەکە بکەن، ئنجا دواتر دەست دەکرێت بە هەڵکەندنی بناغەکە تا هەمووی تەواو دەبێت.

ئەگەر هاتوو چێوەی Pile کان لێکەوت بن بۆ یەکتری ئەوا دەشێت یەکێکیان شیشدار و ئەوەی تریان تەنها کۆنکریت بێت ئەویش بەمەبەستی پاشەکەوت کردن بەکاردەهێنرێت ئەگەر هاتوو کێشەی بۆ دیزاین درووست نەکرد، وەهەندێک جار لەبەر دڵنیایی ئەم شێوازە لەگەڵ شێوازێکی تردا بە تێکەڵی بەکار دەهێنرێت.



ئامێری هەڵکەندنی Pile



شیشی بەستراو و ئامادەکردنی بۆ خستنە ناو چاڵەکانەوە



شیشی بەستراو دەخرێتە ناو چاڵەکانەوە و ئامادەکردنی
بۆ کۆنکریت کردن



شیشی ئامادەکراو لەناو جاڵەکاندا



کۆنکریت کردنی Pile



Pileی کۆنکریت کراو

## ٦- شێوازی دوورین بە پشت ( Tie Back )


لەم شێوازەدا ڕێگری دەکرێت لەداڕمانی دیوارە خۆڵەکە بە بەهێزکردنی هێزی خۆگرتن و بەیەکالکانی خۆڵەکە ئەوەش لەڕێگای بەکارهێنانی کۆنکریتی پەستێوراوی پێش وەخت.
کاتێک دەست دەکرێت بەهەڵکەندن دەبێت سەرەتا قووڵیەکی کەم هەڵبکەنرێت و ئنجا لە بەشی سەرەوەی دیوارە خۆڵەکە دەست دەکرێت درووستکردنی کوونی بچووک بە تیرەی( ١٠ بۆ ١٥) سم پاشان شیشی پەستێوراوی پێش وەخت دەخرێتە ناو کوونەکانەوە دواتر کۆنکریت دەکرێت وە دەبێت لەسەرەتادا ڕێژەی ئاوی کۆنکریتەکە ئەوەندەونیوی ڕێژەی چیمەنتۆ بێت تا نێوانی هەموو گەردەکانی خۆڵەکە پڕ بێت لە کۆنکریت، پاشان ڕێژەی ئاوەکە کەم دەکرێتەوە بۆ نیو ئەوەندەی ڕێژەی چیمەنتۆکە، بەڵام پێش ئەوەی هەموو چاڵەکە پڕبێت لە کۆنکریت بە ئامێرێکی تایبەت سەری شیشەکان ڕادەکێشرێت و دەخرێتە ژێر کاریگەری هێزێکی ڕاکێشانەوە تا شیشەکە دەچێتەوە دۆخی جارانی پێش پەستاوتنی وە پاش ڕەق بوونی کۆنکریتەکە و خۆگرتنی ئنجا ئامێرەکە لێدەکرێتەوە، دوای ئەم کردارە شەبەکەی BRC هەڵدەواسرێت بەدیوارەخۆڵەکەدا بەمەرجێک سەری شیشەکان دانەپۆشێت ئنجا بەپەستان کۆنکریت دەپرژێنرێت بە دیوارەکەدا.




ئامێری کوونکردنی دیوارە خۆڵەکە



دانانی شیشەکە لە ناو کوونەکەدا




شێوازی دانانی شیشەکان لەناو کونەکاندا




قۆناغەکانی چارەسەرکردن بە شێوازی Tie Back

پاشان هەمان پڕۆسەکە دووبارە دەبێتەوەتا هەموو بناغەکە هەڵدەکەنرێت ئامادە دەبێت بۆ بینا کردن، وە ئەم شێوازە زۆر جار وەک یاریدەدەر بەکاردەهێنرێت لە گەڵ شێوازەکانی تردا تێکەڵدەکرێت.




قۆناغەکانی تەواو بوونی ڕاگرتنەکە
لەم کارەدا تەختە لەجیاتی پرژاندنی کۆنکریت بەکار هاتووە



کارێک کە لقۆناغی کۆتایی دایە

## ٧- شێوازی دیواری دیافراگمی ( Diaphragm )

لە ڕاستیدا ئەم شێوازە زۆر لە شێوازی Piling دەچێت بەڵام لە جیاتی ئەوەی بڕگەکەی بازنەیی بێت لاکێشەیی دەبێت وەک شێوازەکانی تر پاش دیاریکردنی ڕووبەری بناغەکە، لەسەر چێوەی ڕووبەری دیاریکراو دەست دەکرێت بە نیشانە کردنی شوێنی دیوارە دیافراگمیەکەی دروست دەکرێت بەشێوەی پارچە پارچە واتە چێوەی ڕووبەرەکە دەکرێت بەچەند بەشێکەوە وە کاتێک دەست دەکرێت بە هەڵکەندنی بەشێک بەشەکەی تەنیشتی بەجێ دەهێڵرێت و ئەوە دواتر هەڵدەکەنرێت بۆ ئەوەی داڕمانی کتوپڕی خۆڵەکە ڕوونەدات.



شێوازی کارکردنەکەش هەروەک شێوەی Pile کاتێک چاڵەکە تەواو دەبێت شیش دەبەسترێت و ئامادە دەکرێت بۆ بۆ ناو چاڵەکە پاشان کۆنکریت دەکرێت،ئەم شێوازی ڕاگرتنە بەشێوازێکی گرنگ دادەنرێت بەهۆی جێگیری و بەهێزیەوە وە خێرایی لە ئەنجامدانیدا هاەروەها لە شوێنی کارکردند جێگەی زۆر داگیر ناکات.






شیشیبەستراو و ئامادەکراو بۆ خستنە ناو چاڵەکەوە




کۆنکریت کردنی دیوارەکە

## ٨- شێوازی ڕاگرتن بە شیش بەست ( Truss )

ئەم شێوازە بە شێوازێکی ئاسان بەناوبانگە لەبەرئەوەی پێویستی بە پسپۆڕی زۆر و ئامێری تایبەت نیە، دەست دەکرێت بەهەڵکەندنی ڕووبەری بناغەکە بە قوولیەکی دیاریکراو پاشان بەچواردەوری ڕووبەرە هەڵکەندراوەکەدا دەست دەکرێت بە هەڵکەندنی کوونی ستوونی کە دەبێت قووڵیەکەی سێ یەکی بەرزی چاڵەکە لەبنی بناغەکەوە تێپەڕێنێت، پاشان شیش ئامادە دەکرێت و دەخرێتە ناو کونەکانەوە تەنها بەشی بنەوەی کە دەگاتە بنی بناغەکە شیشدار دەکرێت و دواتر شێلمانی تێدەکرێت بەمەرجێک بەرزیەکەی تا سەر ڕووی زەوی بگات، ئنجا بەشە شیشدارەکەی بنەوە کۆنکریت دەکرێت و شێلمانەکانی تیا چەسپ دەکرێت بەشێوەی ستوونی دواتر ئاسنی شێلمان بەشێوەی ئاسۆیی دەبەسترێت لەنێوان هەردوو شێلمانی ستوونی تەنیشت یەک بۆ بەهێزکردنیان و کارکردنیان وەک یەک تەنی بەهێز ، ئنجا لەبەشی سەرەوەی هەر شێلمانێکی ستوونی ئاسنەکی بەهێز چەسپ دەکرێت و بەشێوەیەکی لار درێژ دەکرێتەوە بۆ خوارەوە و سەرەکەی تری لەناو بناغەیەکی کۆنکریتی دادەنرێت و لەناوەڕاستی هەر یەک لەم ئاسنانەشدا بەئاسنێکی تری ئاسۆیی بەیەکەوەدەبەسترێنەوە بۆ پتەوکردنیان.




ڕوونکردنەوەی دانانی ئاسنە ڕاگرەکان



کۆنکریتکردنی بەشی بنەوەی شێلمانەکە ودانانی ئاسنی بەهێزکەر بۆ شێلمانە لارەکە

پاش چەسپکردنی ئەم ئاسنانە لە شێوەی ترەسدابەربەست دادەنرێت لەنێوان شێلمانە ستوونیەکاندا بۆ ڕێگرتن لە دارمانی خۆڵەکە، جا بەربەستەکان لەوانەیە تەختەی بەهێز بێت یان خشت یان هەڵواسینی شەبەکەی شیش بێت و پرژاندنی کۆنکریت بەپەستانی بەهێز پیایدا.




لەم کارەدا کۆنکریت وەک بەربەست دانراوە لەنێوان شێلمانەکاندا



لەم کارەدا تەختە بەکارهاتووە وەک بەربەست لەدارمانی خۆڵەکە

ئیتر بەم شێوەیە بەردەگیرێت لەدارمانی و خۆڵەکە تا هەموو بناغەکە هەڵدەکەندرێت قۆناغ بەقۆناغ دووبارە دەبێتەوە تا کۆتایی.

دەرئەنجام:

بەهۆی نەبوونی یان کەم ڕێگرتنە بەری ئەم شێوازی کارکردنە لە وولاتی ئێمەدا تا ئێستا چەندین کەس لە کرێکار و خەڵکانی تر گیانیان لەدسەت داوە وەک ئەوەی لەئەندەر پاسی سەر شەقامی بازنەیی مەلیک محمود بۆ شەقامی شۆڕش لە سەرە ڕێی قرگە لە سلێمانی ڕوویدا کە بەهۆی داڕمانی خۆڵی لاتەنیشتی بناغەکەوە کرێکارێک گیانی لەدەست دا و هیتریش بریندار بوون، وەیان دەبێتە هۆی زیانی ماڵی ئەویش کاتێک بناغەیەک
هەڵدەکەنرێت کە ماڵ یان دوکان و بازار لەدەوری هەیە ئەبێتە هۆی ڕووخانی ماڵی خەڵک و تێکدانی حاڵ و ئیسراحەتیان وەک ئەوەی لەکاتی دروستکردنی بازاڕی کاسۆ مۆڵ و تەلاری سەفین ڕویدا لە سلێمانی.
ئەوەی کە گرنگە دەبێت ئەو پڕۆژانەی بناغەکانیان قووڵە و پێویستی بە ڕاگری خۆڵی دەورو بەر هەیە پێش ئەوەی دەست بکرێت بە ئەنجام گەیاندنی دەبێت بەشێوازێک کە لەگەڵ جێگە و ڕێگای پڕۆژەکەدا بگونجێت لەو شێوازانەی باسکران ڕێگری لەداڕمانی خۆڵی دەوری بگیرێت.

بەوهیوایەی هەر پڕۆژەیەک لەم وڵاتەدا بەئەنجام دەگەیەنرێت یەکەم شت کە بیری لەبکرێتەوە ئەم کارە بێت بەشێوەیەک ببێتە یاسایەک لەووڵاتدا و هەموو کەس ملکەچی بێت بۆ ئەوەی چیتر کەس زیانی گیانی و ماڵی لێنەکەوێت.